کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
26-7-2007 17:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**(بەنازی) بێناز دواجار تۆشەهیدی ... عەزیز خدر عەبدوڵا**

دوای ئەوەی باوکی بەنازی بێنازو خێرلەخۆنەدیو چەند ڕۆژێک بەر لەئێستا سزای زیندانیان بەسەر خۆی وبراکەی دا سەپاند، کەمێک دڵم ئاوی خواردەوەو کە



مێک هەستم بەوەکرد کەبەڵێ چەندەئەمسالانی مەحمود هەبن لەم ژیانەکیژۆڵەناسکەکانی خۆیان قوت قووت بکەن ئەوەندەش ساڵ زیندانی ورزاندنی ناو زیندان هەن بۆ ئەو جۆرەکەسانەی کە لەپێناوی سەرشۆڕنەبوون و وەهمەلەرە کانی پیاوەتی وشەرەف وکەرامەت ئامادەن نمونەکانی بە ناز بکەن بەقوربانی حەزەگەستراوەکانی خۆیان. من بۆیە دەڵێم دڵم کەمێک ئاوی خواردەوەچونکەئێستا بەنازیش ئاسوودەیەکاتێک دەزانێت وا خنکێنەروفەوتێنەرانی وان لە سوچەپیسەکانی زیندان ودەستەوئەژنۆ بەسەردەمدا کەوتوون ودەناڵێنن.

بەناز وا ویژدانی منی داخ نەکرد بتوانم بەچەند نوسینێک کۆڵ بدەم چونکەوای نابینم ئەمەکۆتایی ئەو سیناریۆ بێمانایانەبێت کەلەکۆمەڵگا ڕۆژهەلاتی وکۆمەڵگا باوکسالاریەکاندا باون وهەن، ڕۆژانەئەم سیناریۆ کرچ وکاڵانەدووبارەدەبنەوەودەیانبینین، لەودیوی کوشتنی بەنازەوەئەو باوکسالارانەی کە سێنترالی ئەوروپا دەژین وهێشتاش باوەڕیان بەکوشتن وبڕین ولەناوبردن هەیە بۆچی لەئەوروپا دە ژین؟ گەر توانای هەزم کردنی ژیانی ئەوروپا وياساورێسای ئەوروپا وکلتوری بەئەوروپی بوونیان نیەو قبوڵی ناکەن؟ئەمەیەکاریسەکەگەر نا بۆچی ولەسەر چی ولەپێناوی چی مەحمود ئاغا ئامادەبوو بە نازی تەسمیل بەخاک خۆڵ بکات و چاوەجوانەکانی بەڕۆشنایی دەربهێنێت؟؟گەر ئەمانەی سەرەوەی قبوڵ بکردایەبەشیوازێک کەلەگەڵ ڕیتم و ئیقاعی خێزانەکەیدا بێتەوە دڵنیام ئەهریمەنی وا ئە کاریسانەیان نەدەخوڵقاند، سەیر کەن لەکوێدا ویژدانی مەنتق وجودی ماوەسالاریزمی شەرەف وکەرامە ت وئاغایەتی وشتی تر لەو بابەتەبەنازێک بکەن بەقۆچی قوربانی ولاف وگەزافی پیاوەتی لێبدەن؟لە کوێدا ئەقڵەگەورەکان باویان ماوەلەلەندەنی پایتەختی بریتانیا بەناز ئەنجن ئەنجن کرابێت بووبێت بەخۆراکی ئاغاناموس پەرستەکان و ئاغا خۆ بەزۆر زانەکان؟

دەبێت کامیان ئاڵای ناموسیان گەورەترو شەکاوەتر بێت بەنازی شەهید کراو یان مەحمودی باوکی بە نازی وبکوژانی تری بەنازی مافخوراو؟

دەبێت کامیان خاوەن سەروەری ونەمری ورەمزی ژیان قبوڵکەری بن بەناز یان جاهیلەبکوژەکانی بەناز؟

دەبێت کامیان ئێستا لای خەڵک نیشانەی پرسیاری سالاری ومانا خەسێنراوەکانی لەسەربێتبەناز یان بکوژانی بەنازی ئیرادەخنکێنراو؟

گەر ئێستا ئەم پرسیارانەڕووبەڕووی مەحمود وبکوژەکانی تر بکەیتەوەدەبێت چ وەڵامێکت بدەنەوەو کام پاساو کام ئەقڵیەتی عەشائیری و ئاغایەتی بکەن بەبەهانە؟؟

زۆر ئازادانەش دەڵێم کەئەم پرسیارانەی سەرەوەبەڕووی شوانێک ونەخوێندەوارێک وکرێکارێک ومەلایە ک وماموستایەک ونوسەرو ڕۆشنبیرێکیش بکەی هەموویان وەڵامێک بۆ دەردەخەن کەکەسیان ئەم کردەوە یەبەڕاست نازانن وپرۆتستۆی دەکەن وهیچ پاکانەیەکیش قبوڵ ناکەن. بەڵام محمود ئاغا بینیمان زۆر بڕوا بەخۆبونەوەهەستا بەقرتاندنی ملی کەسێک کە کەمترلەساڵ هەولی بۆ داوەبۆ ئەوەی بەخێوی بکات وئەرکی بکێشێت، کەچی بینیمان وەک ئەوەی بزنێک یان بەرخێک یان هەر گینانەوەرێکیتر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-7-2007 17:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بکوژێتەوەوسەری لێبکاتەوەئاوا سەری بەنازی لێکردەوەخستیەناو جانتایەک بۆ ئەوەی زۆر بەبڕوا بە خۆبونیشەوەسەرەونگونی بکات،
بەڵام دان پیانانی لەدادگا ئەوەی بۆ دەرخستین کەئەم بڕوا بەخۆبونەی وا ئێستا لەژێڕ ئازارەنەفسیە کانیەتی وتا دەشمرێت هەموو ڕۆژێکی بردنەبۆ خۆی بەڵام بەنازی شەهید کراو یەک جار شەهیدکراو تا دنیاش هەیەئەو هەر شەهیدەو ناسنامەی شەهیدبونیشی بۆ هەڵدەواسین، تۆش مەحمود ئاغا بۆخۆت لە زینداندا هەموو ساتێک مەرگەو هەموو مەرگێکیشت ڕۆحت دەرناکات.

26 حوزەیرانی 2007
kurdishwriter@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.